# تەنها چووكی -ئەندامی زاوزێی- دەشۆرێت، ودەستنوێژ دەگرێت

لە عەلی كوڕی ئەبی تاڵیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پیاوێك بووم مەزیم زۆر لێدەردەچوو، وشەرمم كرد پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بكەم بەهۆی ئەوەی كە كچەكەی هاوسەرم بوو، بۆیە داوام لە میقدادی كوڕی ئەسوەد كرد كە پرسیاری لێبكات، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «تەنها چووكی -ئەندامی زاوزێی- دەشۆرێت، ودەستنوێژ دەگرێت». ولە گێڕانەوەی [بخاري]دا، فەرمووی: «دەستنوێژ بگرە وچووكت بشۆ».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

عەلی كوڕی ئەبی تاڵیب -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوەمان بۆ دەكات كە مەزی زۆری لێدەردەچوو، ئەمیش ئاوێكی سپی تەنك ولینجە لە چوكی پیاو دەردەچێت لەكاتی شەهوەت یان پێش جووتبوون، ونەیدەزانی چی بكات لەكاتی دەرچوونی، وشەرمی كرد پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بكات ؛ چونكە فاتیمەی كچی هاوسەری بوو بۆیە داوای لە میقدادی كوڕی ئەسوەد كرد بۆئەوەی پرسیار لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بكات سەبارەت بەم حاڵەتە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە بەوەی: دەبێت چوكی بشوات پاشان دەستنوێژ بگرێت.



النجـاة الخـيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee